Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Jimar: 4 Nîsan 2021

International Journal of Kurdiname
Issue: 4 April 2021

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname **E-ISSN-**2687-5438

**BOOK REVIEW / NIRXANDINA PIRTÛKAN**

# ژیانی پێغەمبەری مەزن
# JÎYANA PÊXEMBERÊ MEZIN HEZRETÊ MUHAMMED

Şêx Ebdulezîz Parezanî, Întîşaratê Seqz, Tewrîz, Îran, 2 Cîld;
Cîldê yekem 512 rûpel, Cîldê duyem 153 rûpel.

Tareq Mohammed AWRAHIM*

**Article Type:** Book Review // Nirxandina Pirtûkan
**Received // Hatin:** 24.03.2021
**Accepted // Pejirandin:** 10.04.2021
**Published // Weşandin:** 30.04.2021
**Pages // Rûpel:** 272-278

This work is licensed under the Creative Commons Attribution International License (CC BY 4.0).
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

**Citation/Atif:** Parezanî, Şêx Ebdulezîz, Review of "Jîyana Pêxemberê Mezın Hezretê Muhammed (Dirûdê Xwedê Li Ser Be)" by Awrahım, Tareq Mohammed, *Kurdiname*, no. 4, p.272-278

## Kurmancî

Heta vê gavê ji navenda pirtûkxaneyên kurdî gelek pirtûk derheqê jiyana Pêxemberê mezin Hezretê Mihemed (d.x) de hatine belavkirin. Lê hîna jî ew pirtûka ku Şêx Ebdulezîz Parezanî (1928-1976) cara yekemîn di sala 1973an de bi navûnîşana *Jiyana Pêxemberê Mezin Hezretê Mihemed (d.x)* belav kiriye wek yekemîn pirtûka çapkirî tê hejmartin. Ji ber ku wê gavê wî wek nivîskar wiha nivîsandiye: "Mixabin heta vê gavê tu kesek ku rabe bi zimanê kurdî û bi awayekî dûr, dirêj û vekirî qal û behsa wê jiyana bisûd û feydedar bike tunebûye". (Parezanî. r. 11).

Nivîskar Ebdulezîz Emîn di sala 1928an de li gundê Parezan girêdayî şarûçkeyê Şarbajêr hatiye dinyayê. Di medrese û hucreyan de bêkêmasî zanistên îslamî xwendiye. Piştî wergirtina îcaza meletî û dersdayinê di navbera salên 1953-1959an de di medrese û hucreyan de dest bi dayina dersa zanistên îslamê kiriye. Ji sala 1959an heta bi mirina xwe ya di 22 Kanûna Ewil a sala 1976an li Helepçe û hawirdora Helepçeyê mamosteyê dibistana seretayî bûye. Parezanî, yazdeh berhemên xwe yên çapkirî hene. Yek ji berbiçavtirîn berhemên wî ev pirtûk e ku di derbarê jiyana Pêxember (d.x) de hatiye nîvîsandin û bergê wê yê yekemîn ê pênsed rûpelî di sala 1973an de hatiye çapkirin. Beriya çapkirina vê kitêbê zanayê navdar Mela Osman Ebdulezîz (1924-2000) pesnê wê daye û wiha nivisandiye: "Ev pirtûk yekemîn pirtûk e ku bi zimanê kurdî bi awayekî rêk û pêk û rast û rewan, qal û behsa jiyana pêxember kiriye. Herwiha nivîskarî, di vê pirtûkê de melûmatên xelexawar û rast û dirust ji hev cihê û

* Doç. Dr., Zanîngeha Mardin Artuklu, Fakulteya Edebîyatê, Beşa Ziman û Wêjeya Kurdî, dr.tareq74@gmail.com, https://orcid.org/0000-0002-5895-3774.

cuda kirine û bi baldarî û hûrbijêrî hîmê vê pirtûkê danîye. Herwisa ev pirtûk çavkaniyeke pêewle ye.” (Parezanî c.1, r. 6.)

Di çapa duyemîn de nivîskarî bergê yekemîn û dûyemîn ê pirtûka xwe çap kiriye. Nivîskarî di vê pirtûka xwe de nameyeke Şêx Mihemedê Xal (1929-1984) belav kiriye ku tê de wiha dibêje: “Bi rastî pirtûka te gelek bi merdane hatiye nivîsandin. Heq kiriye biçite nav pirtûkên zanayên berê. Herwiha heq kiriye ku milê xwe bide milên wan pirtûkên ku berê niha bi salan di derbarê jiyana pêxember de hatine nivîsandin.” (Parezanî c.7, r. 5-6)

Gelek pirtûk di derbarê siyer û jiyana pêxember de hatine nivîsandin an jî li zimanê kurdî hatine wergerandin. Lê ev pirtûk hîna jî hêz û qeweta xwe ji dest nedaye. Lewra nîvîskarî bi zimanê kurdî jiyana pêxember a xwerû û safî raxistiye pêş çavan. Hemû kes dikare bi hêsanî jê sûd werbigre. Ji bilî vê nivîskar, xwînerê bi perawêz û bi navên çavkanî û babetên ciyawaz naewiqîne û mijûl nake. Mebesta wî ew e ku di derbarê bûyer û rûdawan de agahiyan pêşkêş bike û peyameke perwerdehiyê an jî hişyariyekê bide xwînerê.

Nivîskarî, ji serî de bi bergeheke Quranî rahiştiye sîretê. Anegorî wî, riya dîndarî û oldarîya rast û rasteqîn bi şarezatiya di warê siyerê re dibihure. Lewre wî, di vî warî de wiha gotiye: Heta ku em bi kitekit û bi teferuat wî nas nekin û di warê jiyana wî pêxemberê mezin de nebin xweyî agahîyeke mimkin nepêkan e ku em vê pêwîstiya mezin pêk bînin. (Parezanî, c. 1, r. 10)

Parezanî, ji çavkaniyên kevn û nû yên siyerê sûd wergirtiye. Her wekî ku bi awayekî xwerû di dawiya karê xwe de amaje bi hin ji wan çavkaniyan kiriye û bi qasî deh ji wan tomar û tescîl kirine.

Nivîskar bi xwe ji nivîskariyê zêdetir mezûnê medrese û hucreyan û zanayekî ayinî bûye. Lewma babet û mijarên siyerê li Qurana Pîroz û hedîsan wergerandiye û bi taybetî ji bo ravekirina ayetan tefsîra Îbnî Kesir (di 774an de, koçî de miriye) ji xwe re wek çavkanî bijartiye. (Parezanî c. 1 r. 467-470) Di warê serîlêdana çavkaniyên resen ên siyerê de pirtir sûd ji pirtûka siyerê ya binavûdeng a Îbnî Hîşam (213an de, koçî de miriye) wergirtiye. Her çiqas di du cihan de amaje bi navê mêjûnivîsê mezin Înbû Esîr (630an de, koçî de miriye) (Parezanî, c.1, r. 95-103) kiribe jî bêhtir pirtûka Sîretul Helebîye ya sê bergî ya Nuredîn Elî bin Îbrahîm Ehmedê kurê Burhanedîn Elhelebî (975- 1044 koçî) bi kar aniye.

Pispor û şarezayê van çavkaniyan dikare bi hêsanî vê yekê fehm bike ku nivîskarî, li ser bingeha van her sê çavkaniyan hîma berhema xwe daniye. Nivîskarî bi xwe dikaribû gelek çavkanî bi dest bixistana lê qîma xwe tenê bi van aniye ji ber ku nivîskar bi xwe ne mêjunivîs bûye û herwiha nexwestiye bi danana behemeke wilo pirtûkeke mêjûyî binivîsîne. Bes mebesta wî ji nivîsandina vê pirtûkê ev bûye ku pirtûkeke binivîsîne ku bi saya wê her kes bikaribe bi hêsanî jê fehm bike û di derbarê jiyana pêxember (d.x.) de bibe xweyî agahîyeke mimkin. Lewra ew nesla nû ya ku piştî salên heftê derketiye dikare bi zimanê kurdî bixwîne. Êdî ew nesla nû bere bere ji wan kitêbên ku bi erebî tên nivîsandin û çapkirin dûr dikevin. Ji nivîsandina nivîskarê bi xwe tê fehmkirin ku wî ev yek fehm kiriye lewre wiha gotiye: “Hemd ji Xwedayê mezin re. Mebesta nivîsandina min a bi zimanê şîrîn ê kurdî ya van çend rûpelan

ji jiyana pêxemberê mezin ew bûye ku xwînerên min ên kurd bikaribin bi hêsanî vê jiyana tijî bi hîkmet û şîret têbigihîjin û ji xwe re bikin rêber û mamoste. Ez nabêjim ku min jiyana pêxember nivîsandiye belkî min hinek jê behs kiriye. (Parezanî, c.1, r. 503).

Parezanî ji berhemên nivîskarên hevçerx ên ku siyer ji bo xelkê erebîziman sade û xwerû kirine, gelek sûd wergirtiye. Hin ji wan nivîskarên ku di vî warî de Parezanî ji wan sûd wergirtiye ev in: Mihemd Ebduh (1849-1905), Mihemed Xidir Beg (1872-1927), Mihemd Reşîd Rida (1865- 1935), Sileyman Nedwî (1884-1953), Mihemd Hisên Heykel (1888- 1956), Mihemed Xezalî(1917- 1996), Mihemed Seîd Remedan Elbûtî(1929- 2013). Parezenî bi alîkarî û piştevaniya berhemên van nîvîskaran karibûye berhemeke siyerê ya şeşsed û pêncî rûpelî binivîsîne.

Ev berhem di bin bandor û karîgeriya van çavkaniyên jorîn de hatiye nivîsandin. Wan navûnîşanên ku nîvîskarê ji bo babetên wekî “Her Quran e Mucîzeya Mihemmed, Pêxember Ne Serokekî Herêmî yan jî yê Neteweyî Nebû, Bi Derî re Derbasî Odeyê bûye, Dibistana Mihemed, Dersekî Girîng, Lêkolînek ji Helwêsta Cihûyan ya Derbarê Îslamê de” (Parezanî, c. 1, r. 161-167-169- 19-273) danîne bi rast û ronî nîşanî me didin ku nîvîskar ji berhemên wan nivîsîkarên hevçerx gelek sûd wergirtiye.

Ji alîyekî din nivîskar, ji bo xwîneran ji berhemên hizrvan binavûdeng Seyîd Qutub hin babetên ramanî sade û xwerû kiriye û di şeklê jêrebabetan de car caran amaje pê kiriye. (Banga Nihênî, Qudret û Qabiliyeta Bang û Bangkerê, Qurana Mekkehê, Yekitiya Xwedayê Rebul Alemîn, Babet û Mijara Roja Dawiyê, Paqijkirina Dil û Derûnê, Parastina Pêkhateya Komelayetiyê.) (Parezanî, c.1, r. 141-145).

Nivîskar hin caran jî rasterast çend rûpel ji yek ji wan çavkaniyên nû vediguhezîne. Ango di derbarê babeta “Beriya Hatina Îslamê Rewşa Cihana Îslamî” de ev yek nivîsandiye: “Ji bo ronîkirina vê behsê em ji berhema binavê *Maza Xesîre Elalemu El-Îslamîyu Bi Înhîtatî el- Muslîmîne* ya zanayê mezin ê Hindîstanê Ebul Hesenê Elnedwî (1914-1999) digrin”. (Parezanî c.1, r. 114).

Parezanî bergê yekem ê kitêba xwe kiriye sêzdeh beş. Geştek diavêje nav jiyana wî ya li Mekkehê de. Ji weladeta wî bigre heta bi zarokî, xortanî, zewac û bûyerên giring ên serdema beriya ji dayikbûna wî di sê beşan de radixe pêş çavan. Serdema Mekkehê û bûyerên ku di nava wan sêzdeh salan de qewimîne kirine du beş. Heşt beşên mayî ji bo wan bûyer û rûdawên ku di nava deh salan de li bajarê Medînê rûdane re terxan kiriye. Ku ev jî teqabûlê ji nîvê pirtir ya ji kitêbê dike.

Bergê duyemîn ê kitêba wî sed û pêncî rûpel e. Ji pêşgotinê bi şûn de li ser hin babetan rawestiyaye ku têkiliya xwe bi siyerê re heye. Beşa yekemîn ji bo wehyê, beşa duyemîn ji bo cîhadê, beşa sêyemîn ji bo pend û şîretên cenga Uhudê, beşa çaremîn ji bo babeta Zeyd û Zeynebê (Xwedê ji wan razî), beşa pêncemîn ji bo paşdemayiyên cenga Tebukê û beşa şeşemîn û ya dawiyê jî ji bo Xutbeya Xatirxwestinê terxan kiriye.

## Soranî

دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە دەیان کتێب بڵاوکراوەتەوە، بەلام هێشتا ئەو کتێبەی کە شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی (1928-1976) بەناونیشانی (ژیانی پێغەمبەری مەزن محمد درودی خوای لەسەر بیت) لە ساڵی 1973 بۆ یەکەم جار بلاویکردەوە، بەیەکەم کتێبی چاپکراو ئەژمار دەکرێت چونکە تا ئەو کاتە وەك نوسەر نوسیویەتی ((بەداخەوە تائێستا کەسێك هەڵنەساوە بە زمانی کوردی کە بەدرێژی و رۆشنی لەو ژیانە پر سوودە بدوێ)). (پارەزانی،بەرگی ١، ل١١)

نووسەر ناوی تەواوی عەبدولعەزیز ئەمین لە گوندی پارەزان لە ناوچەی شارباژێری پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٨ز. هاتۆتە دونیا، لە مەدرەسە و حوجرەکاندا زانستەکانی ئاینی بە تەواوی وەرگرتوەو، دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی و دەرس وتنەوە لە نێوان سالانی ١٩٥٣-١٩٥٩ زانستە ئیسلامیەکانی لە حوجرەکاندا وتۆتەوە. لە ساڵی ١٩٥٩ تا ماڵئاوایی یەکجاری لە ٢٢ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ مامۆستای سەرەتایی بوو لە شاری هەڵەبجەو دەوروبەری.

پاڕەزانی خاوەنی یازدە کتێبی بڵاوکراوەیە کە دیارترینیان ئەم کتێبەیە لە سەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) کە لە ساڵی ١٩٧٣ بەرگی یەکەمی کە پێنجسەد لاپەڕە بوو بڵاو بوویەوە، پێش چاپکردنی زانای ناودار مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز (1924-2000) لە پەسنی بەرهەمەکەدا نووسیویەتی ((هەروەك یەکەم پەراوێکە کە بەکوردی لە هەموو رووەکانی ژیانی پێغەمبەر دووابێ ئێجگار رێك و پێك و راست و رەوانە، وە نووسەر...لارو چەوت و راست و چاك جیائەکاتەوە.. بەوردی و گرنگی ئەم پەراوەی داناوە، وەسەرچاوەکانی بەهێزو جێی باوەڕن)). (پارەزانی،بەرگی ١، ل٦)

لە چاپی دوەمیدا ، نوسەر بەرگی یەکەم و بەرگی دوەم کتێبەکەی چاپ کرد، نوسەر نامەیەکی شێخ محەمەدی خاڵ (1929-1984) بڵاودەکاتەوە کە تیایدا هاتوە: ((بە راستی کتێبەکەت زۆر پیاوانە و مەردانەیە، ڕووی دێت بچێتە ناو کتێبە گەورەکانی پێشینانەوە... بەڵکو شایانی ئەوەیە شان لە شانی ئەو کتێبانە بدات کە ساڵەهای ساڵە لە ژیانی پێغەمبەردا نوسراون)) (پارەزانی،بەرگی ٢،ل٥-٦)

بۆیە چەندان کتێبی دیکە لە سەر سیرەت نوسراون یان وەرگێراون بۆ زمانی کوردی، بەلام هێشتا ئەم کتێبە هێزو پێزی خۆی لەدەست نەداوە، چونکە نووسەر بەزمانێکی کوردی پاراو و سادە ژیانی پێغەمبەری خستۆتە ڕوو هەموو کەسێك لە خوێندنەوەی کەڵك ئەبینێت. هەروەها نووسەر، خوێنەر خەریك ناکات بە پەراوێزو ناوی سەرچاوەو ئەو بابەتانەی رای جیاواز هەڵدەگرن. سەرباری ئەوەی نووسەر مەبەستیەتی زانیاری لەسەر رووداوەکان پێشکەش بکات و پەیامێکی پەروەردەیی یان هۆشیاریەك بۆ هزری خوێنەر زیادبکات.

نووسەر لەسەرەتاوە بە بینیشێکی قورئانی دەست بۆ سیرەت دەبات و پێیوایە شارەزابوون لەسیرەت بۆیە پێویستە تا جوانتر دینداری راستەقینە بکرێت وەکو دەڵێت ((ئەم پێویستیە گەورەیە پێك نایەت هەتا ئێمە بە تەواوی ، بە وردی ئەو پێغەمبەرە گەورەیە نەناسین و شارەزای ژیانی نەبین)). (پارەزانی،بەرگی ١، ل١٠)

پارەزانی لە سەرچاوەی کۆن و نوێی سیرەت سوودمەندبوە. هەروەکو لە کۆتایی کارەکەیدا ئاماژەیەکی سەرەتایی و سادەی داوە بە بەشێك لە و سەرچاوانە، کە ناوی زیاتر لە 10 سەرچاوەی تۆمار کردوە. ئەمە لەبەر ئەوەی نووسەر خۆی دەرچووی حوجرەیە و زانایەکی ئاینیە بەرلەوەی نووسەر بێت بۆیە بۆ باسەکانی سیرەت لە بۆ قورئان و فەرموودە گەراوەتەوەو، تەفسیری ئیبن کەسیری (774ك.مردوە) بۆ راڤەکردنی ئایەتەکان بەکارهێناوە. (پارەزانی،بەرگی ١، ل٤٦٨-٤٧٠) لە سەرچاوەی رەسەنی سیرەی زۆرتر سوودی لە سیرە ناودارەکەی ئیبن هیشام (213ك. مردوە) بینیوە. هەرچەندە لە دوو شوێندا ئاماژەی کردوە بە ناوی مێژوونووس ئیبن ئەسیر (630ك. مردوە) (پارەزانی،بەرگی ١، ل٩٥؛ ١٠٣). بەلام کتێبەکە سێ بەرگیەکەی نور الدين علي بن إبراهيم بن أحمد، کوری برهان الدين الحلبي (975-1044ك) ناسراو بە (السيرة الحلبية) ی زۆر زیاتر بەکارهێناوە. دوای ئەمانە سوودی دیوە لەوەی زانایەکی سەدەی نۆزدەیەم بەناوی سەید ئەحمەدی دەحلانی (1816-1886) نووسیویەتی بەناونیشانی (السيرة النبوية).

پسپۆرو شارەزای ئەو سەرچاوانە دەتوانێت دەرکی ئەوە بکات نووسەر لەم سێ سەرچاوەوە بناغەی کتێبەکەی داڕشتوە. خۆدەکرا سەرچاوەی زیاتریشی دەست بخستایە بەلام ئەمەندەی بەبەس دیوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە نووسەر مێژوونووس نەبوە و مەبەستیشی دانانی کتێبێکی مێژوویی نەبوە بەقەد ئەوەی مەبەستی بوە کتێبێك بنووسێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێک لە ژیانی پێغەمبەر (د.خ) ئاگاهی ببێت. چونکە ئەو نەوە نوێیەی لە دوای حەفتاکانەوە دەرکەوتوون دەتوانن بەزمانی کوردی بخوێننەوە، ئیتر ئەو نەوەیە لەو کتێبانەی بەعەرەبی چاپ ئەکرێن دووردەکەونەوە. نووسەر خۆی ئەمەی درکاندوە وەك نووسیویەتی ((سوپاس بۆ خوای گەورە توانیم ئەم چەند لاپەرەیە لە ژیانی ئەو پێغەمبەرە مەزنە بنوسمەوە بە زمانی شیرینی کوردی، تا خوێنەرە کوردە هاونەتەوەکانم هەندێ لەو ژیانە پر لە حیکمەت و پەندە تێ بگەن و بیکەن بە مامۆستای خۆیان. من نالێم ژیانی پێغەمبەرم نووسی.. بەلام دەڵێم نەختێکی لێ دوام)). (پارەزانی،بەرگی ١، ل٥٠٣)

پارەزانی بەزۆری لە بەرهەمی نووسەرانی هاوچەرخ سوودی بینیوە، ئەوانەی سیرەیان بۆ زمانی سەردەم سادەکردۆتەوە بۆ خوێنەرانی عەرەبیزمان. لەوانە محمد عەبدە (1849-1905) و محمد خضری بەگ (1872-1927) محمد رشید رەضاو (1865-1935) سليمان الندوى (1884-1953) محمد حسين هيكل (1888-1956) و محمد الغزالى (1917-1996) و محمد

سعيد رمضان البوطى(1929-2013) و كە بەرهەمیان لەسەر ژیانی پێغەمبەر بڵاوکردۆتەوە. بە پاڵپشتی کاری ئەم کەسایەتیانە لە کۆتاییدا کتێبێکی شەش سەدو پەنجا لاپەڕەیی نووسی.

ئەم کتێبە لە ژێر کاریگەری ئەو سەرچاوانەی سەرەوەدا نووسراوە، ئەو ناونیشانەی نوسەر دایناوە بۆ بابەتەکانی وەکو: (هەر قورئانە موعجیزەی موحەمەد، پێغەمبەر سەرۆکێکی ناوچەیی یا سەرۆکێکی نیشتیمانی نەبوو، لە دەرگاوە چوە ژوورەوە، قوتابخانەکەی محمد، دەرسێکی گرنگ، لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی جوولەکە بۆ ئیسلام) (پارەزانی،بەرگی ا، ل:161، 167-169، 199، 273 ) بەروونی دەری دەخەن کە نووسەر سوودمەند بووە لە بەرهەمی ئەو نووسەرە هاوچارخانە.

لەلایەکی دیکەوە پارەزانی بۆ گەیاندنی هەندێ بابەتی هزری لەبەرهەمەکانی هزرڤانی ناودار سەیید قوتب (1906-1966) سادەکردۆتەوە بۆ خوێنەر و لەشێوەی ناونیشانی لاوەکیدا جار و بار ئاماژەی پێکردووە لەوانە: (نهێنی بانگ، شیاوی بانگ و بانگ کەر، قورئانی مەککە، تەنیایی خوای پەروەردگار،باسی رۆژی دوایی، پاك کردنەوەی دڵ و دەروون، پاراستنی قەوارەی کۆمەلایەتی) (پارەزانی،بەرگی ا، ل 141-145).

هەندێ جاریش نوسەر راستەوخۆ چەند لاپەرەیەك لە یەك لەو بەرهەمە نوێیانە دەگوازێتەوە، ئەواتا لە باسی (باری گێتی لە پێش هاتنی ئیسلام) ئەمەی نوسیوە ((بۆ ئەم باسە ئەچین بۆ لای مامۆستاو زانای بەرزی هیندی ابو الحسن الندوی (1914-1999) لە پەڕاوی (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین) وە هەندێ دێنین)). (پارەزانی،بەرگی ا، ل 114).

پارەزانی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بۆ سێزدە بەش دابەش کردوە، بەنەژادی پێغەمبەر دەست پێدەکات، بەناو ژیانی مەککەدا گوزەرێك دەکات لەدایکبوون و زارۆکی و لاوی هاوسەرگیری و رووداوە دیارەکانی ئەو سەردەمەی پێش بوونی بە پێغەمبەر لەسێ بەشدا دەخاتە روو. قۆناغی مەککە و رووداوەکانی ئەو سێزدەساڵە دەکاتە دووبەش. هەشت بەش کە ماوە رێکی خستوە بۆ ئەو دە ساڵەی کە پڕ پێشهاتە لە شاری مەدینە. کە نیوەی زیاتری کتێبەکەشی بردوە.

بەرگی دوەمی کتێبەکە کە سەدو پەنجا لاپەرەیە پاش پێشەکی لە سەر چەند بابەتێک راوەستاوە کە پەیوەستن بە سیرەتەوە، لەوانە مژاری نیگا (وەحی) لە بەشی یەکەم، باسی جیهاد لە بەشی دوەم ، پەندەکانی جەنگی ئوحود لە بەشی سێیەم ، باسی پەیوەست بە زەیدو زەینەب لە بەشی چوارەم ، بۆ دواکەوتوان لە جەنگی تەبووک بەشی پێنجەم و بەشی شەشەم و کۆتایش بۆ باسی وتاری ماڵئاوایی تەرخان کردوە.


ژیانی
پێغەمبەری
مەزن
محمد
صلی الله علیه وسلم
شێخ عبدالعزیز پارەزانی
لێکۆڵینەوەی رزگار کەریم